# ڕاستیی لە ڕۆماندا چییە؟ بۆچی ڕۆمان بخوێنینەوە؟

**عارف یاقووبی**
**لە ئینگلیزییەوە: هەڵمەت عوسمان**
**(کۆیە)**

هەر جارێک لە پارک، یان لە ڕیزی شەمەندەفەر، یان لە وێستگەی پاس پرسیارم لە گەنجێکی ئەمریکی کردووە «چی دەخوێنیتەوە و حەزت لە چ جۆرە کتێبێکە؟» پێی وابووە مەبەستم لەم گفتوگۆیە سەبارەت بە «ڕۆمان»ـە، ئەوەش مانای ئەوە نییە خەڵکی ئەمریکا کتێبی ناخەیاڵیی ناخوێننەوە، بەڵکوو زۆری دەخوێننەوە؛ بەڵام لەم وڵاتەدا ڕۆمان ژانرێکی زۆر بەناوبانگە.

ساڵانە زۆر لە ڕۆمانەکان دەخرێنە لیستی پڕفرۆشترین کتێبەکانی ئەمریکاوە و بڵاوکردنەوەی ڕۆمان، یان کتێبی خەیاڵیی بازرگانییەکی گەورەیە و تێچووی ملیارات دۆلارە، بۆچی وایە؟ مرۆڤەکان لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆماندا بەدوای چیدا دەگەڕێن؟ خۆ هەموومان دەزانین، بە نزیک لە ڕاستی، ڕۆمان گێڕانەوەی ڕاستەقینە نییە، بەرهەمی داهێنەرانەی دەروونی ڕۆماننووسە. لە ناوەرۆکی چیرۆکەوە تا دەگاتە کارەکتەرەکان، ئەو ناو و شوێنانەی لە ڕۆمانێکدا باس دەکرێن، هەموویان خەیاڵین و ماکی»ڕاستەقینەیی»یان نییە.

نووسەر خۆی لە سەرەتای کتێبەکەدا پێمان دەڵێت کە ئەمە «ڕۆمانێکە»؛ واتە لە هیچ شوێنێک ڕووی نەداوە! کەواتە بۆچی مرۆڤەکان ئارەزووی بەهێزیان بۆ شتێک هەیە کە بە هیچ شێوەیەک «ڕاستی» نییە. بە واتایەکی تر ئایا ئەوانەی ڕۆمان دەخوێننەوە، تەنیا هەوڵی

دەربازبــوون لــە بێــزاری و تێربوونــی واقیعەکانــی ژیــان دەدەن، یــان لــە دیاردەیەکــی ناڕاســتەقینەدا بــەدوای ڕاســتییەکاندا دەگەڕێــن؟ ئەگــەر وایــە، ئــەوە «ڕاســتی» لــە ڕۆمانەکــەدا چییــە؟

ئــەم پرســیارە کاتێــک جیددیتــر دەبێــت کــە شــوێنپێی ئــەو چارەســەرانە دەکەویــن کــە لــە کتێبــەوە ســەرچاوەی گرتووە. پێوەنــدی ئێمە وەک خوێنــەر لەگــەڵ کتێبــە ناخەیاڵییــەکان زۆر ڕوونــە. بــۆ نموونــە: کاتــێ دەمانەوێــت زیاتــر دەربــارەی بەرەوپێشــچوونی ئابــووری ســەنگافوورە بزانیــن، ئێمــە دەمانەوێــت بزانیــن ســەنگافوورە لــە مــاوەی ٣٠ ســاڵی ڕابــوردوودا چ پلانێکــی ئابــووری هەبــووە کــە بــە خێرایــی گەشــەی کــردووە. دەســت دەدەینە کتێبــی ئابووریناســێکی لێهاتــوو و دەیخوێنینــەوە، کــە لەســەر پێشــهاتە ئابوورییەکانــی ســەنگافوورە نووســیویەتی. کێشــەی نەزانیــن چارەســەر دەبێــت، پاشــان دەزانیــن دەســەڵاتدارانی ســەنگافوورە چ پــلان و ســتراتیژێکیان بەکارهێنــاوە بــۆ ئــەوەی وڵاتەکەیــان بــەو خۆشــگوزەرانییە ئابوورییــە بگات، ئیتــر هیــچ ناڕوونییــەک لــە پێوەندیمــان لەگــەڵ خوێندنــەوەی کتێبێکــی ئابووریــدا نییــە، بــەڵام کاتێــک بــاس لــە پێوەندیمــان لەگــەڵ خوێندنــەوەی ڕۆمانێــک دەکرێــت، ئــەم بابەتــە بــۆ زۆرێــک لــە ئێمــە ڕوون نییــە.

هەندێــک جــار دەپرســین «ئێمــە بــە خوێندنــەوەی ڕۆمــان بــەدوای چیدا دەگەڕێیــن؟» بــە خوێندنــەوەی ڕۆمانەکــە دەمانەوێت چ کێشــەیەک چارەســەر بکەین؟ ئەگــەر وەڵامەکە بەڵــێ بێت، واتــە ڕۆمانەکــە یەکێــک لــە کێشــەکانی ئێمــە چارەســەر دەکات، ئــەوە چ جــۆرە کێشــەیەک بــە خوێندنــەوەی ڕۆمــان و چیــرۆک چارەســەر دەکرێــت؟ کــە ڕاســت نیــن.

وەڵامــی پرســیارەکە ئەوەیە: حەقیقــەت لە ڕۆماندا، حەقیقەتێکــی ئینســانییە، ڕۆمــان یارمەتیدەرمانــە بــۆ چارەســەرکردنی کێشــەی ناســینی سروشــتی خۆمان. ڕۆمانەکــە وەک کتێبێکــی شــیکاری لە بــواری ئابووری و سیاســەت و جوگرافیــادا مامەڵــە لەگــەڵ ڕاســتییە ڕووکــەش و کاتییــەکان و داتــا ڕاســتەقینەکان ناکات؛ بــاس لــە بابەتگەلێکــی قووڵتــر و گرنگتــر دەکات: ئەویش سروشــتی مرۆڤــە.

خوێندنــەوەی ڕۆمــان ئاســۆکانمان فراوانتــر دەکات بۆ ئەوەی تێگەیشــتنێکی دروســتمان لە جیهانەکەمان و خەڵکــی دەوروبەرمــان هەبێــت، تــا بــە وردی لــە دیــاردەکان تــێ بگەیــن و ڕەفتــاری مــرۆڤ، کــردەی مــرۆڤ، ڕاســتگۆیی مــرۆڤ، دۆســتایەتی مــرۆڤ، گوناهــی مــرۆڤ، پەشــیمانی مــرۆڤ، خۆشەویســتی مــرۆڤ، ڕزگاری مــرۆڤ بزانیــن و هەســتی پــێ بکەین. لــە هەمــووی گرنگتــر ڕۆمــان خەیاڵمــان پــەروەردە دەکات. ڕۆمــان وا لــە مێشــکمان دەکات؛ خەیــاڵ بکات؛ بــا جیهانێکــی گەورەتــر و جوانتــر و جیاوازتــر لــە واقیعەکانــی جیهانــی دەوروبەرمــان دروســت بکەیــن و فیزیکییەکــی پــێ بدەیــن.

ڕۆمــان دەســتمان دەگرێــت، دەمانباتــە شــارانێک کــە هەرگیــز نەچووینەتــە ئــەوێ؛ کەســانێکمان پــێ دەناســێنێت کــە هەرگیــز نەمانبینیون و نەمانناســیون؛ بە کولتوور و مێژوو و کۆمەڵگەیەکمان دەناسێنێت کە لە ژیانمانــدا نەمانبیســتووە و لــە جــۆرە کارەکتەرێک نزیکمــان دەکاتــەوە کــە هەرگیــز شــارەزایان نەبوویــن. بــە واتایەکــی تــر خوێندنــەوەی ڕۆمــان ڕێگەمــان پــێ دەدات خــەون ببینیــن، ئەمــەش یارمەتیدەرێکــی گەورەیــە بــۆ دۆخــی ئێمــە؛ گەورەتــر لــە دابینکردنــی ڕاســتی و داتــا؛ ســەبارەت بــە گەشەســەندنی ئابــووری ســەنگافوورە، یــان ڕێنمایــی بــۆ دابەزاندنــی چــەوری ورگ.

کاتێــک ڕۆمــان دەخوێنینــەوە، وردتــر بــە ئاڵۆزییەکانــی ژیــان ئاشــنادەبین، خۆمــان لــە ڕووکەشــی و حوکمدانــی پێشــوەختە بــەدوور

دەگرین. مێشکمان ئامادەیە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرس و ڕووداوەکان و پەرەسەندنەکانی ژیان بە شێوەیەکی لۆژیکی، تا چاوێکی زیرەکمان هەبێت بۆ ڕەگوریشەی فرە ڕەهەندی کێشەکان، بۆ ئەوەی لە بەرانبەر شکستەکاندا پتەوتر بوەستین و بە یەک خلیسکان لە ژیاندا نەکەوین. ئەو دیمەن و دیالۆگ و ڕووداوانەی لە ڕۆمانەکەدا ڕوودەدەن، فێرمان دەکەن؛ سروشتی مرۆڤ ئاڵۆزە. مرۆڤەکان هەمیشە ڕەش و سپی نین. مرۆڤەکان هەمیشە باش نین و هەمیشە خراپ نین. هەندێک جار کەسانی خراپ کاری باش دەکەن، هەندێک جار کەسانی باش کاری خراپ دەکەن. ڕۆمانەکە فێرمان دەکات کە ژیان هەمیشە شەڕی چاکە و خراپە نییە؛ ژیان ناوچەیەکی خۆڵەمێشییە کە هەموو شتێک لە هەموو کەسێک چاوەڕوان دەکرێت. ڕۆمان ئەم تێگەیشتنە لە مێشکماندا دەجووڵێنێت. یارمەتیدەرە بۆ گۆڕینی شێوازی سەیرکردنی مرۆڤەکان، هەر لە دراوسێ و ئەندامانی خێزانەوە بۆ خەڵکانی دوورترین پنتی جیهان.

لە دەرەوەی بابەتی تاکەکەسی، ڕۆمانەکە یارمەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیش دەدات. بۆ هاوکاری و یارمەتیدانی یەکتر، لە هەموو جیهاندا پاڵنەر و هەست بۆ مرۆڤەکان دروست دەکات. دەرفەتێک بۆ ئەوان دەڕەخسێنێت کە بە وردی یەکتر بناسن و بزانن کە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان مرۆڤەکاندا نییە، کەس لە کەس باڵاتر و کەمتر نییە و بەهاکانی هەمووان لە هەموو جیهاندا هاوبەشن: لە هەموو شوێنێک مرۆڤەکان منداڵەکانیان خۆش دەوێت، بیریان دەکەن، بەهای هاوڕێیەتی و دڵسۆزی و ڕاستگۆیی دەدەن و تووڕە دەبن، میهرەبان دەبن، دەگۆڕدرێن، شیعر دەخوێننەوە، عاشق دەبن و دەگرییێن. گرنگ نییە ڕەش، یان سپی بێت؛ ئایا لە شار دەژی، یان لە گوند؛ چووە زانکۆ، یان نا؟ دەوڵەمەندە، یان هەژار؟ ئەم تێگەیشتنە بۆ کۆمەڵگە مرۆییەکان ناوەکی دەکرێت و لە هەموو شوێنێکدا وەک ڕاستییەکی بابەتی لە مێشک و دەروونیدا دەکرێتەوە کە ڕۆمان ژانرێکی باوە لە نێو ئەندامانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا.

یەکێک لەو هۆکارانەی کە هەندێک کەس لە نێوان مرۆڤەکاندا جیاکاری دەکەن، لەبەر جیاوازییە دەرەکییەکانیان لە بەرانبەر کۆمەڵێک کەسدا پێشوەختە دەبینن، تەنانەت ڕێگە بە توندوتیژی و خراپ مامەڵەکردن دەدەن، ئەوەیە کە نامۆیە بە حەقیقەتی سروشتی مرۆڤ. ڕۆمان ناخوێننەوە. ئەو کەسانەی ڕۆمان دەخوێننەوە، بۆ تێگەیشتن لە کەسانی تر هێز و توانایی زیاتریان هەیە، هاوسۆزییان هەیە و پێیان دەخەنە پێڵاوی ئەوانی ترەوە. ئەوە ڕۆمانە؛ هێزێکی گەورەی لە دروستکردنی ئەم هەستە لەناو مرۆڤەکاندا هەیە.

با نموونەیەک بهێنمەوە: کاریگەری بەرهەمەکانی موحسین حەمید، ڕۆماننووسی بەناوبانگی بەریتانی بە ڕەچەڵەک پاکستانی لەبەرچاو بگرن. نوێترین بەرهەمی (دەرچوون لە ڕۆژئاوا) ڕۆمانێکە کە باس لە پەنابەران دەکات. چیرۆکی گەنج و ژنێکە - سەعید و نادیە- کە بەهۆی شەڕەوە شارەکەیان بەجێ دەهێڵن و بەرەو ڕۆژئاوا کۆچ دەکەن. چیرۆکی ڕۆمانەکە ڕوانگەیەکی مرۆیی بۆ پرسی کۆچبەری هەیە. لە ڕێگەی دوو کارەکتەر و دیالۆگ و دیمەنەکانی ڕۆمانەکەوە تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕاستییەی کە مرۆڤە کۆچبەرەکانیش مرۆڤن: پێش ئەوەی شەڕێک شارەکەیان بگرێتەوە، پێش ئەوەی هەڵبێن و ئاوارە بن، ماڵ و شار و شەقامیان هەبووە، کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە؛ دیدار و سەفەری هەبووە، دڵخۆش و عاشق بووە و پێدەکەنی و

وەک مرۆڤەکانی تری دنیا سەمای دەکرد و دەژیا. لەگەڵ وێرانبوونی ماڵ و حاڵەکانیان، کەرامەتی ئینسانیان لەدەست نەچووە، هێشتا مرۆڤن. نابێت وەک خانووی وێران و پارچە پارچەی دیوارێکی درزبردوو؛ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. خوێنەر بە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە دەگاتە ئەو دەرئەنجامەی کە دژە پەنابەران لە هەندێک وڵاتی ڕۆژئاوا بەرزبووەتەوە؛ دیاردەیەکی نامرۆڤانەیە و پێویستە لە ڕوانگەیەکی جیاوازەوە سەیری پرسی کۆچبەری و کۆچبەران بکرێت. ئەم کتێبە لەلایەن ملیۆنان کەس لە سەرانسەری جیهان خوێنرایەوە، لەنێویاندا باراک ئۆباما سەرۆکی پێشووی ئەمریکا. ئۆباما کتێبەکەی خستووەتە لیستی کتێبە دڵخوازەکانییەوە بۆ ئەوەی هانی کەسانی دیکە بدات تا بیخوێننەوە.

لە کاتێکدا کە جیهان ڕووبەڕووی تەنگژەی کۆچبەری بووەتەوە و شەپۆلی دژە کۆچبەری لە وڵاتانی میوانداردا زیاتر دەبێت، ڕۆمانی «دەرچوون لە ڕۆژئاوا» یەکێکە لە گەورەترین یارمەتییەکانی کۆچبەران، کاتێک کەسانێک بڕیار لەسەر چارەنووسی کۆچبەران دەدەن، ئەم ڕۆمانە دەخوێننەوە، بە دڵنیاییەوە مرۆڤانەتر سەیری بابەتەکە دەکەن. هیچ بابەتێکی شیکاری، هیچ ڕاپۆرتێکی هەواڵ و هیچ چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنی ناتوانێ بەقەد ڕۆمانێکی موحسین حەمید لەسەر ڕێگای چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆچبەری لە جیهاندا بەهێز و کاریگەر بێت، ئەمەش تەنیا لە دەسەڵاتی ڕۆمانی «باش»دایە، ڕۆمانی باشیش، درۆیەکە ڕاستترە لە حەقیقەتی ڕاستەقینە.

سەرچاوە:

https://www.etilaatroz.com/83138/whats-truth-in-novel-why-should-we-read-a-story/